# پێشکەوتن و سەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر کاتێك مسۆگەرە کە ژنان رۆڵی سەرەکی تێدا ببینن

## بە بۆنەی 8ی مارس، رۆژی جیهانی ژن

بە پلەی خوار دانانی جێگەوپێگەی ژن لە کۆمەڵگاو لە بنەماڵەدا مێژویەکی کۆنی هەیە و خەبات بۆ بەرانبەرکێ لە گەڵ هەڵاواردنی جنسیش بە هەمان ئەندازە کۆنە. بەڵام هێشتا لە سەرەتای هەزارەی سێهەمدا و سەرەڕای ئەم هەموو پێشکەوتویەی بەشەر بو ژیانێکی ئینسانی و سەرفەرازانە بەرهەمی هێناوە, ژن هێشتا بە هۆی ژن بوون دەکوژرێ, دەسوتێندرێ, بەردەباران دەکرێ، دەکڕدرێ، دەفروشرێ و..هتا

ئێمە لە ولاتێکدا دەژین کە پێشێل کردنی مافی ئەم هێزە کۆمەڵایەتیە, واتە ژنان نیهادینە کراوە و زوڵم و تەبعیزی جنسی هەموو سنوورێکی کۆمەڵایەتی و خسوسی بەزاندووە.هیچ کاتێك بە قەد سێ دەیەی رابردوو لە کۆمەڵگای ئێران پلە و مەقامی ئینسانی ژن ئەوەندە بێ بایەخ و نزم نەبووە. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕادەی زوڵمی فراوان, تێکوشانی بۆ رزگار بوون و بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم بارودۆخە نالەبارەدا پەرە ی‌پێداوە.

کوچە و کۆڵان وماڵ و کارگە و زانسگە و تەنانەت زیندانیش بوەتە مەیدانی ئیعتراز و خەبات بۆ بزوتنەوی ژنان و چالاکانی بواری مافی یەکسانی ورزگاری. تەنانەت تێکوشانی سیاسی و فەرهەنگی, لایەنی زانست و خۆێندنیشی بۆ ژنان نەخستە پەراوێزوە,بەڵکوو بە پێچەوانە پێشکەوتنیان لەم بوارەشدا حکومەتی جەهل و خورافاتی وەخۆ خستوە و بە دەر کردنی یاسا هەوڵیان دا کە مەیدانی زانین و خوێندنی باڵاشیان بۆ بەرتەسك بکەنەوە .

حکومەتی ئیسلامی ئیران سی ساڵە بە هەموو شێوەیەك وبە پەنابردن بۆ هەموو پیلانێك هەوڵی داوە کە هێزی بزوتنەوەی ژنان لاواز بکات و دەنگی ئازادیخوازیان لێ کپ بکات. بەڵام قەد بە تەواوی لەم سیاسەتەدا سەر نەکەوت و ناشکەوێت.

ئێمە لەو بڕوایەداین کە ژنانی ئێران و بە تایبەت بزوتنەوەی ژنانی کورد پتانسیەل وتوانایی زۆری هەیە و دەتوانێ لە سەر بنەمای دەسکەوتە بەرچاو و بەنرخەکانی بزوتنەوەی فمنیستی لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا, دەورێکی تایبەت و کاریگەری لە سەر رەوتی روداوەکانی کۆمەڵگای ئێران و بەروپێش چوونی خەباتی خرۆشاوی

سیاسی و مەدەنی خەڵك هەبێت. زورێك لە چاودێرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە حەق پێان وایە کە بزۆێنەر و چالاکی پێشەوەی شۆرشی داهاتوو لە ئێران بە کوردستانیشەوە, ژنانن. با تێ بکۆشین, لە جاران زورتر و لە ئێستاش عەزم جەزمتر بە پیرایی ئەم ئاڵ و گۆرانەوە بچین و بە پێوەندداان و تێکهاڵانی بزوتنەوی حەقخوازانەی ژنان لە گەڵ باقی جولانەوەکانی دیکە رۆژی ئازادی لە ئێران نزیکتر بکەینەوە و مزگێنی ئازادبوون وسەربەستی بە هەمووان بدەین. هەشتی مارس, رۆژی جیهانی هاوخەباتی ژنان، مەودایەکی گۆنجاوە بۆ ئەم مەبەستە مێژوویە.بۆنەیەکی شیاوە بۆ دەرپرینی ڕق و تووریی مان بەرامبەر بە زۆڵم و سەرکوت. با بە هەمومانەوە 8ی مارس لە هەموو کوردستان بە شار و گۆندیەوەرێز لێ بگرین.

سەرکەوتووبێت خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسان

**رێکخراوی مافی ژنی کورد،مافی مرۆف**

**کۆمەلێک لە چالاکانی گۆرین ئەرا یکسانی لە کرماشان**

**رێکخراوی ژنانی مە ریوان**

**سەنتەری ژنانی کورد لە کولن/ ئالمان**

**ئەنجومنی ژنانی ئاذرمهر کوردستان**

**مارسی 2009**